# لێگەڕێ سەرۆک کۆمار لێگەڕێ!!

ن/ خەندە جەمال رەئووف
khandajml@yahoo.com

کاتێك بەڕێز سەرکۆماری عێراق لەکۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەیدا لەمەڕ کەرکوکییەکان قسەی دەکردو، وەك پیشەی هەمیشەی ئەمجارەشیان کەفوکوڵو تورەیی خۆی بەکەرکوکییەکان رشت..ئەمجارەش کەرکوکییەکانی تەواو بریندارو واق وڕماو کرد. من کەرکوکی نیم بەڵکو تێکەڵ بەخێزانێکی کەرکوکی بوومە، بەڵام ئەوەی مام جەلال وتی نەك کەرکوکی بەڵکو هەموو خەڵکێکی هەقپەرستی تورەو خەمبار کرد!!!

کورتکراوەی وتەی مامیش دەڵێت: ( کەرکوکییەکان نابێت بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی و هەولێر ئەوانەی وادەکەن بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەخەنە پێش بەرژەوەندی کوردایەتییەوە، ئەوانەیشی وادەکەن خائینن، لەوشەی خائین کەمتریان پێناڵێم(... زۆر سەیرە سەرکۆماری وڵاتێك لەبەر بەرژەوەندی کورسی دەسەڵاتو کورسی مەسئولەکانی وڵات ئاوا یاری بەچارەنووسو هەستو زامی ئەم خەڵکە بێدەسەڵاتە بکات، ئەی کوا مافی مرۆڤ؟؟ مەگەر مافی مرۆڤ ناڵێت مرۆڤ ئازادە چ سنورێكو چ خاکێك هەڵدەبژێرێت بۆ نیشتەجێبوونو ژیان تێیدا؟

دەسەڵات هەر لەسەرەتای ئەم مەسەلەیەوە خەڵکی کەرکوکیان کردۆتە مەخسەرەو وەکو شەترەنج یاری بە چارەنووسو ئایندەیانەوە دەکەن، تەنها لەکاتی پێویستی وەك هەڵبژاردنو دەنگدانی دەستوردا بەبیرتان دێتەوە کەهەزاران کەستان سەرلێشێواو کردووەو لەڕاگەیاندنەکانەوە پڕوپاگەندەیان بۆدەکەن کەئاوارە تاجەگوڵینەی ئێمەیەو چیترو.. چیتر..، تاوەکو مەرامە سیاسییەکانی خۆتان جێبەجێ دەبێتو دواتر خەڵکیش هیچ بەدەستەوە..

خەڵك لەخۆشیدا ناگەڕێتەوە بۆ ئەو شارانە بەڵکو لەناخۆشیو تاقەت پروکێنیدایە، هەڵبەتە زەمانەتی ژیانو چارەنووسو نەبوونی خزمەتگوزاریو تیرۆری زۆرو بێ جێگەو رێگەییە کەوای لێدەکات کۆچی پێچەوانە بکات، ئادەی بەڕێزان پێم بڵێن چەندین کوردو پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشو تەنانەت خەڵکی مەدەنیش تیرۆرکرانو شەهید کران، کوا کام زەمانەتەتان لەسەر ژیانیان کرد؟ ئەی دوای خۆیان زەمانەتی چ ژیانێکتان بۆماڵو منداڵیان کرد؟ چەندین رۆژنامەنووس و وێنەگر کوژران.. کوا چیتان کرد ئیدی ئەوانەی دڵنیانین لەژیانی خۆیانو دەزانن چارەنوسیان بەدەردی ئەوان دەچێت بۆ خائینن، گەر ئەو وڵاتە نیوەکوردو نیوەعەرەبو نیوە تورکمانە جێبێڵێت؟؟ ئێمەی کورد لەو شارەی کەدەڵێین شاری پێکەوە ژیانی هەمووما‌نە بەڵام کەبەواقیعی دەچیتە ناوشارەوەو دەگەڕێیت بەئاشکرا لەلایەن غەیرە کوردەوە چاوت لێ سوردەکەنەوەو بۆنی خوێنڕشتنی خۆت دەکەیت لەجەستەیان. باشە تاڵەبانی گەر خەڵکێك نارەزا لەژیانی خۆی هەوڵدات بۆ گۆڕینی ژیانی خۆی خائین بێت؟ ئەی ئەو پێشمەرگەو مەسئولانەی سەرکردایەتی کە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق فایلیان ئاشکرا بوو چین "فریشتە"؟ ئەی بۆچی بۆ ئەوانە بەتەنها دێڕێکەوە نەهاتیتە بەردەم رۆژنامەنوسانو بڵێیت خیانەتتان کردووەو چەندین برای خەباتکاری کوردتتان داوە بەکوشت لەپێناوی مانەوەی خۆتانداو بەرژەوەندی خۆتان خستوەتە پێش بەرژەوەندی کوردایەتییەوە؟؟

ئەی بۆچی چەندین ساڵە ئاوارەکانی هەولێر کەلەسلێمانینو نەگەڕاونەتەوە هەولێر کەدڵنیام لەبەرنەبوونی متمانەو قوتی ژیانیانە، بۆچی ئەو وشە ناشیاوە بەوان نەوترا؟؟ لەبەرئەوەی کارت بەهەولێر نییەو پێگەی دەسەڵاتت لەوێ نەبوو.. بەڵام کارت بەکەرکوكو مانەوەی دەسەڵاتی کوردیو بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆتانە بۆیە تورەیی خۆتان بەوشەی خائین دەردەبڕن؟؟؟ خەڵك چاو لەگەورەکەی دەکات، چەندین لێپرسراو هەیە خانوی چاكو ماڵو سەیارەو کۆمەڵێك حیمایەی چەکداری داناوەو لەکەرکوكو خۆیشی لەسلێمانی و هەولێرە، من بەبەڵگەوە قسان دەکەم، ئەی کەواتە خەڵکی بێدەسەڵاتو بێ پشتو پەنا بۆچی هەقی نەبێت بترسێت لەژیانیو رانەکات لەو زوڵمە کە لێپرسراوەکەی بەو شێوەیە دەبینێت لەهەمانکاتدا هیچێکی وا بۆ ئەو نەکراوە؟؟ کوا خزمەتگوزارییە بەپەلەکانی کەئیدیعاتان بۆی دەکرد لەماوەیەکی کەمدا کەرکوك بکەنە دەستەخوشکی وڵاتانی ئەوروپی؟؟ ئێستاش ئاوارە هەیە لەسەدەی بیستو یەکداو لەخاکی خۆیدایە لەژێر خێمەدا دەژی، چەندین خێزان منداڵیان کەوتە ناوبیرو بوونە قوربانی ژیانە بێ خزمەتگوزارییەکان، خێزانی کورد هەیە لەسەردەمی رژێمە فاشستەکەی بەعس کەس زەفەری پێنەبردووە لەسەردەمی دەسەڵاتە کوردییەکەو بەئامادەبوونیو پێشمەگەرو دەسەڵاتی کوردی ماڵو ژیانیان شێواوە بەبەڵگەوە قسەدەکەم... لێگەڕی سەرۆك لێگەڕی وشەی خائین زۆر لەوە سوکترو بریندارکەرترە لای کەرکوکییەکان کەتۆ پێیانت وت، لێگەڕی خەڵك بەسەربەستی بژێت، لێگەڕی خەڵك خۆی ژیان بۆ خۆی دابین بکات گەر ئێوەی دەسەڵات هیچیان بۆ ناکەنو هەر لەسەرەتاوە دەستیان لێ بەرەڵادەکەن کەمەرامی سیاسی خۆتان مەیسەر بوو....بەسیە یاری بەچارەنووسی ئەم کوردەو راکە راكو ئاوارەیی، لەتاقەت دەرچوو بێ متمانەیی.... لێگەڕێ بەڕێزم لێگەڕێ...